## بەشی دووەم : گرنگترین کێشە دەستووری و هەڵپەسێردراوەکانی نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی عێراق وەك هۆکاری پاڵپشت بۆ ئەنجامدانی ریفراندۆمی سەربەخۆیی :

### تەوەری یەکەم : ماددەی 140ی تایبەت پرسی ناوچە جێناکۆکەکان

گرفتی ناوچە دابرێنراو و کێشەلەسەرەکان یەکێك لەو گرفتانەیە کە تاوەکو ئێستا بوونی هەیە لە نێوان حکومەتی ناوەند و هەرێم بە چارەسەرنەکراوی ماوەتەوە کە ناوچەکانی کەرکوك و شەنگال و خانەقین و دوزخورماتوو و کۆمەڵێ ناوچەی تر دەگرێتەوە ، لەسەردەمی حکومەتەکانی عێراق بەتایبەتی لە سەردەمی ڕژێمی بەعسدا دانیشتوانی ئەم ناوچانە ڕووبەڕووی شاڵاوی بەعەرەبکردن و بە بەعسیکردن و ڕاگواستن و گۆڕینی ناسنامە بونەتەوە کە داتیشتوانی رەسەنی ئەم ناوچانە کوردەو لە پاش کوردیش عەرەب و تورکمان و نەتەوەی تری لێ دەژێت . بەڵام لەسەردەمی بەحس دیمۆگرافیای ئەم ناوچانە گۆڕدرا ، بەوەی کوردەکانی ئەم ناوچانە ڕاگوێزران و عەرەبیان لە شوێن نیشتەجێکرا، وە دوای ڕوخانی ڕژێمی بەعس و دامەزراندنی دەولەتی عێراق لە یاسای بەرێوەبردنی دەولەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە کە بە (دەستوری کاتی) ناودەبرێت ، بە پێی ئەو بنەمایەی کە دەولەتی عێراقی لێ پێکهێنرا ماددەی 58 کە لە سێ برگە پێکهاتبوو دانرا بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ئەم ناوچانە بە سێ قۆناغ :

1. قۆناغی ئاسایکردنەوە
2. 2 . قۆناغی سەرژمێری
3. 3 . قۆناغی راپرسی[1]، گەرانەوەیان بۆ سەر هەرێم یاخود مانەوەیان لە دەوڵەتی عێراق ،

قۆناغی ئاسایکردنەوە ماوەی جێبەجێکردنی کۆتایی حوزەیرانی 2007 بوو، قۆناغی سەرژمێری لە کۆتایی ئەیللولی 2007 جێبەجێبکرێت و وە قۆناغی راپرسی لە مانگی کانونی یەکەم جێبەجێبکرایە وە چارەسەرکردنی هەموو پرۆسەکە لە 31ی کانوونی یەکەمی 2007 بە تەواوی جێبەجێبکرایە[2]. بەڵام لێرەدا تێبینیەك دروست دەبێت کە ئەم راپرسیە ئەنجام دەدرێت دەرەنجامەکەی یەکلایکەرەوە دەبێت یاخود تەنها بۆ ئاشکراکردنی ئیرادەی هاوڵاتیان دەبێت کە دەشێت ئەم راپرسیە راپرسیەکی راوێژکاری بێت[3]. لەگەڵ ئەو کەم و کوریانەی کە لەم ماددەیدا هەیە بەڵام کورد قبوڵی کرد و تا بەشێوەیەکی یاسایی و بەزووترین کات جێبەجێبکرێت بەڵام دەبینین حکومەتی ئیاد عەلاوی و حکومەتی قۆناغی گواستنەوەی

---

1 پرنسیپی پێکهاتن لە سستەمی سیاسی عێراق(2003-2018)،زانا محمد انور دزەیی،زانکۆی سەلاحەدین،کۆلێژی زانستەسیاسیەکان،2018،لا96

2 ئازاد عوسمان،ماددە140ی دەستووری هەمیشەیی عێراق،چاپخانەی موکریانی،چاپی یەکەم ساڵی 2013،لا15-16

3 بورهان ا یاسین،عێراقی دوای سەدام و چارەنووسی باشوری کوردستان،چاپخانەی سەردەم،چاپی یەکەم ساڵی2008،لا212.

**Commented [ar1]:** سەرەتایی بەشە پێشەیەکی کورت وەکو دەروازە بنووسە لەسەر تەوەرەکانی ئەم بەشە هاوشێوەی بەشی یەکەم.

**Commented [ar2]:** دابراو

**Commented [ar3]:** خاڵ دابنێ، خاڵ بەندی زۆر گرنگە.

**Commented [ar4]:** گرنگە ئاماژە بە ساڵ بکەی لێرەدا. سوود لە کتێبەکانی د. رفیق شوانی و ئازاد عوسمان ببینە ئەتوانم بۆی بنێرم بە pdf

**Commented [ar5]:** خاڵ دابنێ . ئینجا بنووسە لە ماددەی ٥٨ ....

**Commented [ar6]:** هەوڵ بدە لێرەوە بیکە پەرەگرافی نوێی، واتە پەرەگرافەکانت جیابکەوە. ناکرێی هەر بنووسی بە دای یەکدا. ئێستا وەکو نموونە من بۆت دەکەمە پەراگرافی جیاواز ... ببینە.

**Commented [ar7]:** ئەم سەرچاوەیەت نامەی ماستەرە ئەبێت ئاماژەی پێبکەیت لە پەراوێز.

ئیبراهیم جەعفەری کە لە سەرەتادا پابەندبوون بە جێبەجێکردنی . بەڵام بینرا کە هیچ هەنگاوێکیان بۆ جێبەجیکردنی ئەم ماددەیە نەناوە بگرە کۆسپ و تەگەرەشیان خستە بەردەمی ، بەڵام دواتر قۆناغێکی تر هاتە پێش تێیدا دەستوری هەمیشەیی کۆماری عیراق نووسرایە ئەم ماددەیە بەهەموو بڕگەکانی گوێزرایەوە بۆ ناو دەستوور و بوو بە ماددەی 140[4] کە حکومەتی عێراق بە (المناطق المتنازع علیها) واتا ناوچە جێناکۆکەکان و لە بەرامبەردا هەرێم ئەو ناوچانەی ناونا (ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێم)[5] کە ناوەرۆکی ئەم ماددەیە لە بنەرەتدا کێشەی سنوری هەرێم و سنوری ئیداری پارێزگاکانی هەرێم چارەسەر دەکات ، دوایی دامەزراندنی حکومەتی هەمیشەیی عێراق بە سەرۆکایەتی نوری مالیکی لە خولی یەکەمی دەسەڵاتیدا پابەندبونی خۆی راگەیاندبە جێبەجیکردنی ماددەکە تەنانەت خاڵی 22ی پرۆگرامی حکومەتەکەی تەرخانکرد بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە جێبەجێکردنی هەرسێ خاڵی(ئاسایکردنەوە و سەرژمێری و راپرسی) کە وای دانابوو 15ی تشرینی دووەمی 2007 تەواو بوایە واتا مانگ و نیوێك پێش کاتی دیاریکراو لە دەستوور[6]،بەڵام لە هەردوو خولی سەرۆکایەتی ئەم ماددەی جێبەجێنەکرد . لێرەدا دەردەکەوێت کە حکومەتەکانی عیراق بە ( کاتی گواستنەوە هەمیشەیی )هەوڵی چارەسەرکردنیان نەداوە.

دوایی دروستبوون و هاتنی رێکخراوی تیرۆرستی داعش بۆ ناو خاکی عێراق و داگیرکردنی شاری موسڵ هەندێ ناوچەی تر وایکرد کە سوپای عێراق لەو ناوچانە بکشێتەوە بەمەش مەترسی لەسەر ئەو ناوچانە دروستبوو بۆ پرکردنەوەی ئەو بۆشاییە ئەمنی و نەهێشتنی ئەو مەترسیە سەرکردایەتی سیاسی کورد بریاریدا لە ساڵی 2014 هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان ئەرکی پاراستنی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێم بگرێتە ئەستۆ [7] . دوای بەرێوەبردنی ئەم ناوچانە لەلایەن هەرێم بوە هۆی سەقامگیربوونی لایەنی ئەمنی ، کاتێ سەرکردایەتی کورد بڕیاری ئەنجامدانی ریفراندۆمی دا وە بریاری ئەوەشیدا کە ریفراندۆم لەو ناوچانەش ئەنجامبدرێت. سەرەنجام ریفراندۆم لە 25ی ئەیللولی 2017 ئەنجامدراو هەڵوێستی عێراق و وڵاتان دەربارەی ئەنجامدانی ریفراندۆم نەرێنی بوو، وەك هەلوێستێك بەرامبەر بەمە هێزە عێراقیەکان و حەشدی شەعبی هێرشیانکردە سەر کەرکوك و ناوچە جێناکۆکەکان و دەستیان بەسەردا گرتن، لە 16ی ئۆکتۆبەری 2017کورد دەسەڵاتی سیاسی و ئیداری و سەربازی لە دەستدا، چەند ناوچەیەکی کەم لەژێر حوکمی هەرێم . ئەمەش بووە هاتنە کایەی رەوشێکی نوێ لەم ناوچانەو دووبارە کێشە لە نێوان پێکهاتە رەسەنەکان و هاوردە دروستبۆوە سیاسەتی بەعەرەبکردن و کێشەی زەوی و موڵك جارێکی دیکە لە نێوان ئەم

---

4 رێبین محەمەد سۆفی،مافەکانی گەلی کورد لە دەستووری2005ی عێراقدا،لە بلاوکراوەکانی سەنتەری ستراتیجی کوردستان،چاپی بەردەست نییە،سلێمانی2007،لا213.

5 ئازاد جندیانی،هەڵاتن لە سەربەخۆیی،چاپخانەی هێڤی-هەولێر،چاپی یەکەم سالی2018،لا80-81.

6 جەبار قادر،کەرکوك نەفرەتی نەوت و ستەمی دیمۆگرافیا،چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر،چاپی بەردەست نییە،سالی 2019،لا305.

7 سەرکەوت عەبدوڵا حاجی پیرە،شوێنی جوگرافی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم و کاریگەری لەسەر دۆزی کورد لە عێراق،چاپخانەی یاد، شوێنی چاپ واتە ناوی شارەکە بنووسە، چاپی یەکەم،سالی 2017،لا257

Commented [ar8]: تیایدا نووسرایەوە؟

Commented [ar9]: ناونا

Commented [ar10]: خاڵ دابنێ. دواتر وەرە سەری دێر بۆ پەراگرافێکی نوێی.

Commented [ar11]: ساڵ بنووسە گرنگە.

Commented [ar12]: و

Commented [ar13]: گرنگە بنووسی بۆ؟

Commented [ar14]: دوابەدای ئەم قۆناغەش ....

Commented [ar15]: لە ٩ ی حوزەیرانی ٢٠١٤

Commented [ar16]: بەڵام کاتێک ...

Commented [ar17]: لە دوای سازدانی پرۆسەی رێفراندۆم لەناوچانە.

Commented [ar18]: مایەوە گرنگە لێرە ئاماژە بە سەرچاوە بکەی.

پێکهاتانە درەستبۆوە ، لایەنی کوردی باسی لە مەترسی دۆخی کەرکوك و ئەو ناوچانە دەکەن و عەرەب و تورکمانیش دۆخەکە بە زۆر باش و ئاسایی دەزانن و عەرەبە هاوردەکان بە پاڵپشتی حکومەتی عێراق و ئیدارەی کەرکوك و عەشدی شەعبی ئەو گرێبەستانەیان هێناوە کە لە سەردەمی ڕژێمی بەعس هەیانبوە دەیانەوێت نوێیبکەنەوە و زەوی زاری کوردی پێداگیربکەن[8].

لێرەدا ئامانجی عێراق بۆ بچوکردنەوەی سنوری هەرێمی کوردستان بوە بۆیە لەسەر سەرکردایەتی کورد پێویستە جارێکی دیکە بکەوێتە گفتوگۆ لەگەڵ حکومەتی عێراق بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە و پارتە سیاسیەکان هەوڵی یەکریزی بدەن و دووربکەونەوە لە بەرژەوەندی حزبایەتی و هەوڵی فەرامۆشکردنی پێکهاتەکانی دیکە نەدرێت لەو ناوچانە و میکانیزمی نوێ بدۆزرێتەوە بۆ جێبەجێکردنی ماددەی 140ی دەستوور لە رێگەی رێکەوتن و لێك تێگەیشتن لەگەڵ حکومەتی عێراق.

## تەوەری دووەم : پرسی پێشمەرگە

وشەی پێشمەرگە وشەیەکی لێکدراوە لە دوو وشەی (پێش+مەرگە) پێکهاتەوە ، کۆمەڵێك جەنگاوەری مەشق پێکراون و ئەرکی پاراستنی سنوور و خاکی کوردستانی بشووریان پێ سپێردراوە[9]،بۆ یەکەمجار بەشێوەیەکی فەرمی لە کۆماری کوردستان لە شاری مەهاباد لە رۆژهەڵاتی کوردستانلە سالی 1946 بەکار هێنراوە،وشەی پێشمەرگە بۆ جیاکردنەوەیە لە دەستەواژە هاوشێوەکانی تریجیهان وەك (سەربازی فارسی-عەسکەری عەرەبی[10]-گەریلا[11]) هێزی پێشمەرگە باڵی چەکداری بزوتنەوەی کورد بوە بەمەبەستی وەدیهێنانی ئامانجە سیاسیەکانی کوردلە باشووری کوردستان،هێزی پێشمەرگەی کوردستان لەلایەن حکومەتەکانی عێراق بەتایبەت ڕژێمی سەدام و داگیرکەرانی کوردستان بە هێزێکی یاخیبوو دادەنرا،بەڵام لەبنەڕەتدا ئەم هێزە ئامانجی پاراستنی خاکی باشووری کوردستان و خەڵکی کوردستانە.هێزی پێشمەرگە بەشداریکرد لە بەرەی باکووری جەنگی ئازادکردنی عێراق لەڕژێمی بەعس لە ساڵی 2003،لەو کاتەوە ئەو هێزە بووە هێزێکی متمانە پێکراو لەلایەن ئەمریکا و هاوپەیمانانی ئەورووپی لەسەر ئاستی جیهان.دوایی دانانی دەستووری هەمیشەیی عێراق لەساڵی 2005 لە ماددە 120ی برگە 5 هاتوە (هەرچی پەیوەندی بە هەرێمەوە هەیە لە ئەستۆی حکومەتی هەرێمدایە بەتایبەت پێکهێنان و ڕێکخستنی هێزەکانی ئاسایشی ناوەخۆی هەرێم وەك پۆلیس و ئاسایش و پاسەوانی هەرێم)[12] ئەم ماددەیە حکومەتی هەرێم بەرپرس دەکا بە بەرێوەبردنی کاروباری هەرێم لەئاستی ناوەخۆ،ئەم بگەیە لە ناوەرۆکدا باشە،بەڵام دەکرا لە جیاتی وشەی پاسەوانی هەرێم وشەی پێشمەرگەی بەکاربهاتاییە،چونکە ئێستا وشەی پێشمەرگە

---

8 عەدنان ئەحمەد،کەرکوك و ناوچە جیناکۆکەکان لە نێوان پێکەوە ژیان و پێکدادانداو،گۆڤاری ئایندە ناسی ژمارە 3 سالی 2020،لا99 تا102

9 ماستەر،پرێنسیپی پێکهاتن لە سستەمی سیاسی عێراق2003-2018،زانا محمد انور دزەیی،زانکۆی سەڵاحەدین،کۆلێژی زانستە سیاسیەکان،لا96

10سەفەر کەریم هاواری،کلتوری پێشمەرگە،چاپخانەی رۆژهەلات-هەولێر،چاپی بەردەست نییە،سالی2016،لا57تا74،

11ئازاد جندیانی،سەرچاوەی پێشوو،لا84

12دەستووری هەمیشەیی عێراق

**Commented [ar19]:** دوابەدوای کشانەوەی پێشمەرگە و دەسەڵاتی کوردی لەو ناوچانە.

**Commented [ar20]:** حەشد.

**Commented [ar21]:** مەبەستت کام گرێبەستە گرنگە باسی بکەی هەر نەبێ لە پەراوێز.

**Commented [ar22]:** سەرچاوە؟؟؟

**Commented [ar23]:** بە رستەیەکش بێت بۆچوونی خۆت بنووسە لەسەر هەر خاڵێک.

**Commented [ar24]:** یەکسەر وەرە سەر پرسی پێشمەرگە لەنیوان هەرێم و حکومەتی کوردستان. ئەم پێناسەیە بۆ چەمکی پێشمەرگە بیخە پەراوێز و ئاماژە بە سەرچاوەکەش بکە.

**Commented [ar25]:** لێرەوە وەرە سەر باسی بابەتەکەت کە لە دەستووری عێراقەوە دەست پێدەکات کە پێشمەرگە لە دەستووری عێراق چەسپێنرا وەکو پاسەوانی سنوور و ماف و جیاوکەکانیان دیاریکرا کە لە ئەستۆی حکومەتی عێراقە.

**Commented [ar26R25]:**

**Commented [ar27]:** بڕگەیە.

زاراوەیەکی ناسراوە لەسەر ئاستی جیهان وە بە هەمان وشە بەکاردێت[13]،بە پێی دەستوور دەبوایە هێزی پێشمەرگە وەك یەکەیەکی عێراقی ڕێکبخرایە و وەك بەشێك لە هێزەکانی بەرگری عێراق کەل و پەلی سەربازی بۆ دابینبکرایەو مەشق و ڕاهێنانی پێبکرایە وە موچەی بۆ دابین بکرایە لەلایەن حکومەتی ناوەند.دواتر بەبڕیارێکی سەرۆك وەزیرانی پێشووی عێراق (نوری مالکی) مووچەو بودجەی هەرێم بڕدرا و تەنانەت هەڵسا بەدروستکردنی سوپای دیجلە دژی هێزی پێشمەرگە[14].

دوای هاتنی ڕێکخراوی تیرۆرستی داعش بۆ ناو خاکی عێراق و داگیرکردنی چەند ناوچەیەکی عێراق ، هەرێمی کوردستان و هێزی پێشمەرگە توانیان ڕۆڵێکی کارا بگێڕن لە دروستکردنی هاوپەیمانێتی دژی داعش و ئەندامێکی کارای ئەو هاوپەیمانێتیە بێت و ڕۆڵێکی گرنگی بینی لە تێکشکاندنی داعش،هاوپەیمانان بەردەوام هاوکاری هێزی پێشمەرگەیان دەکرد بەڵام ئەم هاوکاریە بە بەراورد بە سوپای عێراق و حەشدی شەعبی زۆر جیاواز بوو، وە هێزی پێشمەرگە توانی بەرگریەکی باش لە دەڤەر و ناوچەکانی کەرکوك و شەنگال و مەخموور و دەوروبەری موسل و کۆمەڵێ شوێنی تر (ناوچەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم) بکات و بیانخاتە ژێر حوکمی خۆی لەو پێناوەشدا بە دەیان شەهید و برینداری داوە لەو ماوەشدا حکومەتی ناوەند نەك تەنیا موچەی پێشمەرگە بڕی بەڵکو چەك و تفاقی لەشکری و مەشق و ڕاهێنانیان بۆ دابین نەدەکرا و موچەی هێزەکانی پێشمەرگە بە ئێستاشەوە 2021 لەلایەن حکومەتی هەرێم وهەندێکجاریش هاوپەیمانانەوە دابیندەکرێت،دوایی ڕووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەری 2017 هێرشکردنی سوپایی عێراق و حەشدی شەعبی بۆ ئەو ناوچانەی هێزی پێشمەرگە بە خوێنی خۆی ڕزگاری کردبوو جارێکی دیکە کەتنە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی ناوەند بەڵام لە هەندێ ناوچە هێزی پێشمەرگە بەرگریەکی بوێرانەی کرد،بەڵام لە کەرکوك سوکایەتی بە هێزی پێشمەرگە کرا.وە ئەمەش پێشێاکردنێکی روونی دەستوور بوو[15]. بۆیە لێرەدا لەسەر سەرکردایەتی کورد و بەرپرسانی هەرێم پێویستە هێزەکانی پێشمەرگە ڕێکبخرێتەوە لە چوارچێوەی یەك هێز نەك وەك( هێزی80ی پ.د.ك و هێزی 70ی ی.ن.ك) هەرچەندە هەوڵێکی لەم جۆرە لەئێستادا بوونی هەیە بەڵام دەبێت بەشێوەیەکی کاراتر و چاڵاکانەتر هەوڵ بۆ ئەم پرسە بدرێت.

## تەوەری سێیەم : پرسی نەوت لەنێوان فرۆشتن و بەرهەمهێنان

نەوت و وزە وەك سامانێکی سرووشتی گرنگی و بایەخێکی تایبەتی هەیە لە پێگەی وڵاتان و بەهێزکردنی پێگەیان،پرسی فرۆشتن و دەرهێنانی نەوت یەکێکی ترە لەو کێشانەی کە تاوەکو ئێستا بوونی هەیە لەنێوان ناوەند و هەرێم سەرەتای دەرهێنان و گەڕان بەدوای نەوت لە کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ ناوەراستی سەدەی 18 لەلایەن گەڕیدە و پسپۆرە ئەوروپیەکان[16].دوای دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی 1992 و پرۆسەی ئازادکردنی عێراق حکومەتی هەرێم

---

13ڕێبین محمد سۆفی،سەرچاوەی پێشوو،لا225
14سەنار شێرۆکی،کوردستان لە ململانێی دەرەکی و نێوخۆییدا،چاپخانەی رۆژهەلات- هەولێر،چاپی یەکەم2019،لا199
15ماستەر،زانا محمد انور دزەیی، لێرە بنووسە ماستەرنامە، هەمان سەرچاوەی پێشوو،97-98
16کاوە نادر قادر،ڕۆڵی نەوت لە چارەنوسی گەلی کوردستاندا، ناوی چاپخانە بەردەست نییە،چاپی یەکەم،سالی 2007،لا24

Commented [ar28]: بەپێی دەستوور کە جیگیرکراوە.

Commented [ar29]: ساڵ بنووسە لە ٢٠١٤ بوو پاڵپشت بە سەرچاوە

Commented [ar30]: دوا بەدوای

Commented [ar31R30]: ئەبێ بنووسیت لەبەر چی شایستە داراییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانی بڕی. زۆر گرنگە هەموو رەەکانی بابەتەکە بخەیتەڕوو.

Commented [ar32]: جۆری هاوکارییەکە بنووسە.

Commented [ar33]: لە چ روویەکەوە؟

Commented [ar34]: لەم ناوچەیە نەیتوانی و ننمونەش کەوتنە دەستی ناوچەی شنگال بۆ دەست داعش.

Commented [ar35]: ئەم ناوچانەش بەهەمان شێوە لە ٢٠١٧ لەژێر چنگی داعش رزگارکران.

Commented [ar36]: ئاگادار بە شەهیدەکان بەسەدانن ئەگەر بە هەزار نەبن.

Commented [ar37]: ئەمە زانیارییە کوا سەرچاوە.

Commented [ar38]: گرنگە لە پەراوێز حەشدی شەعبی بناسینی بەڵام لە یەکەم بەکارهێنانی لەم توێژینەوەیەدا.

Commented [ar39]: یان بنسسە جۆن یان پێویست ناکت لایبەرە.

Commented [ar40]: پێشیل

Commented [ar41]: یەک هێزی رێکخراوی فەرمی (هێزێکی نیزامی) لە چوارچیوەی وەزارەتی پێشمەرگە و حکومەتی هەرێم.

Commented [ar42]: لە چوارچیوەی هێزی حیزبی بن وەکو ئێستا کە ( ).

Commented [ar43]: جاڵ دابنێ دوای وشەی هەرێم. بەهۆی پرسی نەوت حکومەتی مالیکی بودجەی هەرێمی بڕی.

دەستی کرد بە دەرهێنان و گەڕان بە دوایی نەوت لە ساڵی 2006 یەکەمین کێڵگەی بیری نەوت لە شاری زاخۆ و لەسەردەمی کابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێمی کودستان کاری تێداکراو دەست بەدەرهێنانی کرا[17]،بەوەش مێژوی دەرهێنانی نەوت لە کوردستان چووە قۆناغێکی نوێ بەوەی لەسەردەمی دەسەڵاتدارێتی و حکومڕانێتی خۆی کورد نەوت دەردەهێنرێت و دەدۆزرێتەوە،لێرەوە سەرچاوەی زۆربەی ناکۆکی و گرفتەکان لە نێوان حکومەتی ناوەند و هەرێم دروست دەبێت کە تاوەکو ئێستاش بەردەوامە،سەبارەت بە دەرهێنان و فرۆشتنی نەوت لە لایەن هەرێمەوە حکومەتی ناوەند دەرهێنان و فرۆشتنی و گرێبەستە نەوتیەکان بە دەسەڵاتی خۆی دەزانێت،هەرێم دوایی سالی2000هەوڵیدا لە ڕێگای وەبەرهێنانی بیانی دەرگای هەرێم لەسەر کۆمپانیا بیانیەکان بکاتەوە بۆ پشکنین و گەڕان بە دوای نەوت و گاز دوایی ئەوەی کە روون بۆوە هەرێم خاوەن یەدەگێکی زۆرەلە نەوت و گاز،جگە لەوەش نەوتی هەرێم لە رووی کوالێتیەوە بە یەکێك لە باشترین نەوتەکانی جیهان دادەنرێت،ئەمەش هانی کۆمەڵێ لە کۆمپانیا جیهانیەکانی دا بۆ ئەوەی بێن لە کوردستان وەبەرهێنان بکەن،لە ساڵی 2014 نزیکەی 50 کۆمپانیای دەرهێنانی نەوت لە 19 وڵات لەوانەش کۆمپانیا بەناوبانگەکانی( گازپرۆم،شیفرۆن ،ئیکسۆن مۆبیل) لە هەرێم کار دەکەن[18]،هۆکاری ئەوەی ئەم کۆمپانیانە هاتوون لە هەرێم وەبەرهێنان بکەن دەگەرێتەوە بۆ بابەتی (جیۆلۆجی-یاسای نەوت و گازی هەرێم-جۆری گرێبەستی وەبەرهێنانی هاوبەش) وە هەرێم 25% ی وزەی عێراق پێکدێنێت رێژەی یەدەگی نەوتی هەرێم بە 45 ملیار بەرمیل مەزەندەکراوە[19]،ئەو ناکۆکیانەی لەنێوان هەرێم و بەغدا هەیە دەگەرێتەوە بۆ شیکردنەوەی ماددەی 111 و 112ی دەستووری هەمیشەیی عێراق و نەبوونی یاسای نەوت و گاز کە حکومەتی ناوەند یاساکەی پەسەند کردووە[20] بەڵام ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق یاساکەی پەسەند نەکردووە[21] بەهۆی ناکۆکی نێوان لایەنەکان ،لە ماددەی 111ی دەستوور هاتووە(نەوت و گاز موڵکی سەرجەم گەلی عێراقە لە هەموو هەرێم و پارێزگاکاندا)وە لە ماددەی 112ی دەستوور هاتووە لە برگەی یەکەم(حکومەتی فیدراڵ لەگەڵ هەرێم و پارێزگا بەرهەمهێنەرەکان نەوت و گازی بەرهەمهێنراوی کێڵگەکانی ئێستا بەرێوە دەبات.....)وە لەبڕگەی دوومدا هاتووە(حکومەتی فیدراڵ و حکومەتی هەرێمەکان و پارێزگا بەرهەمهێنەرەکان بەیەکەوە هەڵدەستن بە نەخشە کێشان بۆ ستراتیژیەتی پێویست بۆ بەرەوپێشبردنی سامانی نەوت و گاز.....)[22] لێرەدا هەرێم دەسەڵاتی دەرهێنان و مۆرکردنی گرێبەست و فرۆشتنی نەوتی هەیە بە پێی ماددە 112 کە باس لە کێڵگەکانی ئێستا دەکات مەبەست لە کێڵگەکانی ئێستا ئەو کێڵگانەن کە پێش دەستووری هەمیشەیی نەوت و گازیان لێدەرهێنراوە بە پشت بەستن بە ماددە 144ی

17کەیوان ئازاد ئەنوەر،کۆسپەکانی بەردەم سەربەخۆیی کوردستان لە چەند لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویدا،شوێنی چاپ؟؟؟، چاپخانەی بینایی،چاپی یەکەم،سالی2016،لا45

18ماستەر،ئەکرەم ئیسماعیل فەقی،ئاستەنگە سیاسی و دەستوریەکانی بەدەوڵەتبوونی هەرێمی کوردستان، لیرە بنسووسە ماستەرنامە، زانکۆی سەلاحەدین،کۆلێژی زانستە سیاسیەکان،لا74

19ماستەر،چنار بابکر محمد،کاریگەری نەوت و گاز لەسەر پێگەی هەرێمی کوردستان-عێراق لە دوای ساڵی 2003،زانکۆی سەلاحەدین،کۆلێژی زانستە سیاسیەکان،لا59-74،

20 جوهر نامق سالم،کورد لەگەمەی دەقە یاسایەکاندا وردبونەوە لە دەستوری هەمیشەیی عێراق،بڵاوکراوەی ئاراس،چاپی یەکەم،سالی2007،لا166.

21 ماستەر،ئەکرەم ئیسماعیل فەقی،سەرچاوەی پێشوو،لا73.

22 دەستووری هەمیشەیی عێراق،

**Commented [ar44]:** خاڵ.

**Commented [ar45]:** خاڵ و سەرە سەری دێر و پەرەگرافێکی تازە.

**Commented [ar46]:** بیسڕەوە بنووسە چونکە دەرهێنان و ....

**Commented [ar47]:** خاڵ دانێ و وەرە سەری دێری پەڕەگرافێکی نوێی.

**Commented [ar48]:** سالی ٢٠٠٧.

**Commented [ar49]:** کام لایەن ئاماژەیان پێبکە.

**Commented [ar50]:** خاڵ دابنێ.

دەستوور،ماددەی 110 دەسەڵاتەکانی تایبەت بە حکومەتی دیاریکردووە ناتوانرێت هیچ دەسەڵاتێکی تر بخرێتە ناو ماددەی 110 تەنیا بەهەمواركردنی دەستوور دەبێ،لەبەرئەوەی نەوت و گاز لە ماددەی 110دا نییە کەواتە ماددەکانی 111 و 112 و ناچێتە ناو دەسەڵاتەکانی تایبەتی حکومەتی فیدراڵ،ماددەی 114ی دەسەڵاتی هاوبەشی نێوان حکومەتەکان دیاریدەکات کەواتە ماددەی 111 و 112 دەسەڵاتی هاوبەش نین،چونکە باسی نەوت و گازی نەکردیە.وە ماددەی 112تەنیا باسی کێڵگەکانی ێستا دەکات واتا باسی کێڵگەکانی ئایندە ناکات بەمەش لە ژێر دەسەڵاتی هەرێم دەبێت و حکومەتی فیدراڵ بەشداری تێدا ناکات[23]، وە حکومەتی هەرێم ئەو دەسەڵاتە بە خۆی دەدات کە هەڵسێت بە دەرهێنان و فرۆشتنی نەوت و مۆرکردنی گرێبەست بە هۆی بوونی یاسای نەوت و گاز لە هەرێم کە یاسای ژمارە 22ی ساڵی2007ی بەرلەمانی کوردستان دەرکردوە ئەم یاسایە لە 17 بەش و 61 ماددە پێکهاتووە کە پرسی نەوت و گازی لە هەرێم رێکخستوە[24]،لە رابردوودا نەوتی هەرێم لە رێگە بۆریە نەوتیەکانی حکومەتی ناوەند رەوانەی دەرەوە دەکرا وە زۆربەی جار بەهۆی دابینەکردنی شایستە دارایەکانی کۆمپانیاکان هەرێم توشی کێشە دەهات ئەمەش وای لە هەرێمکرد رێگایەکی تر بدۆزێتەوە بۆ هەناردەکردنی نەوت و چیتر پشت بە حکومەتی ناوەند نەبەستێت بۆ ئەم مەبەستەش حکومەتی هەرێم ڕێکەوتنامەیەکی لەگەڵ وڵاتی تورکیا لە ساڵی 2013 بۆ هەناردەکردنی نەوتی کوردستان بۆ بەندەری جەیهان[25] و حکومەتی عێراق ئەم هەنگاوەی هەرێمی رەتکردەوە و بووە هۆی ئاڵۆزتربوونی کێشەکان و هەڵسا بە بڕینی بودجەی هەرێم لە ساڵی 2014 و سکاڵایەکی دژی تورکیا لە ژووری بازرگانی لە پاریس تۆمارکرد بۆ راگرتنی نەوتی هەرێم بۆ بازارەکانی جیهان،ئەمەش بۆ یەکەمجارە هەرێم سەربەخۆیانە نەوتی خۆی بفرۆشێت[26] و تاکو ئێستاش بەردەوامە. دوای هاتنی رێکخراوی تیرۆرستی داعش و کشانەوەی سوپای عێراق لە ناوچەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم حکومەتی کوردستان ئیدارەکردنی ئەو ناوچانەی گرتە ئەستۆ بەمەش نەوتی کەرکوك تێکەڵ بە نەوتی هەرێم کرا لەوێشەوە رەوانەی بازارەکانی جیهان کرا[27]،دوای رووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەری 2017 کشانەوەی هێزەکانی پێشمەرگە لەو ناوچانە کێڵگە نەوتیەکان لە ژێر دەسەڵاتی هەرێم دەرهێنران،حکومەتی هەرێم رۆژانە 550 هەزار بەرمیلی هەناردەی دەرەوە دەکرد بەڵام دوایی لە دەستدانی ئەو ناوچانە رۆژانە 250 هەزار بەرمیل رەوانەی دەرەوە دەکات[28] کە ئەمەش بووە هۆی قوڵتربوونی قەیرانەکان.هۆکاری ئەوەی کە حکومەتی ناوەند دژایەتی سەربەخۆیی ئابووری هەرێم دەکات دەگەرێتەوە بۆ ئەوەی کە سەربەخۆ بوونی ئابووری هەرێم

---

23 ماستەر،زێندین مولود خدر،کاریگەری فاکتەری نەوت لەسەر ئایندەی سیاسی هەرێمی کوردستان-عێراق.زانکۆی سەلاحەدین،کۆلێژی زانستە سیاسیەکان.لا78-79،

24 ماستەر،سعید سلیم محمدامین،دانووستانەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقی فیدراڵ بە پێی ڕۆجەر فیشەر(پرسی پترۆل وەك نموونە)،زانکۆی سەلاحەدین،کۆلێژی زانستە سیاسیەکان، ساڵ،لا89.

25 رێبوار بابکەیی،ریفراندۆم و 16ی ئۆکتۆبەر،لەدەنگی ئیرادەوە بۆ دەنگی چەکەکان(شەری دیبلۆماسیەتی هەرێم لەبەرامبەر سیاسەتی هەرێمی)،چاپخانەی رۆژهەلات-هەولێر،دەزگای چاپ بەردەست نییە،ساڵی 2018،لا25

26 ماستەر،زێندین مولود خدر،سەرچاوەی پێشوو،لا83

27 بارزان جەوهەر سادق،حکومداری لە قەیراندا،چاپخانەی رۆژهەلات-هەولێر،چاپی بەردەست نییە ( چۆن ئەوە نییە ناوی دەزگا و شوێن و ساڵت ئاماژە بۆ کردووە؟،ساڵی2018،لا52تا69.

28 ڕێبوار بابکەیی،سەرچاوەی پێشوو،لا123

**Commented [ar51]:** خاڵ دابنێ.

**Commented [ar52]:** هەر بۆیە

**Commented [ar53]:** ،

**Commented [ar54]:** .نەکردووە

**Commented [ar55]:** .وەرە سەرەتای پەڕەگرافێکی تازە

**Commented [ar56]:** .خاڵ دابنێ
.وەرە سەری دێڕ

**Commented [ar57]:** ئەمە کرۆکی کێشەکە لە نێوان هەردوو حکومەت.

**Commented [ar58]:** نابێ بڵێین دژایەتی بەڵکو ئەو کێشە دەستوورییە یەککلایی نەبووتەوە لە نێوانیان هەر کەس بە مافی خۆی دەزانێ.

دەبێتە هۆی لاوازبوونی ناوەند و بەهێزبوونی پێگەی هەرێم،وە پێویستە هەرێم سیاسەتی ئابووری بەجۆرێك ئاراستە بکات کە تەنها پشت بە نەوت نەبەستێت و هەوڵی فرە جۆرکردنی داهاتەکانی بدات وە دەبێت سوود لە تواناکانی کۆمپانیاکان وەربگرێت بۆ خزمەتی بەرژەوەندی هاوڵاتیانی و سیاسەتی نەوت زیاتر شەفاف بکات لەوەی کە ئێستا هەیە،وە دەبێت بەردەوام لە گفتوگۆ دابێت لەگەڵ ناوەند بۆ چارەسەرکردنی ئەم پرسە و لە نەبەستێت.

## تەوەری چوارەم : پرسی بودجە و شایستە دارایيەکانی هەرێم

کێشەکانی نێوان حکومەتی ناوەند و هەرێم ڕەگ و ڕیشەیەکی مێژووی هەیە،کێشەی بودجەی سالانەی عێراق و پشکی هەرێم تیاییدا یەکێکە لەو کێشانەی هەرێم و بەغدا. لە سالی 2005ەوە پشکی هەرێمی کوردستان لە بودجەی عێراق دیاریکراوە،ئەو یاسایەی کە پشکی هەرێمی دیاریکردوە هەمان یاسا مەرجەکانی ناردنی پشکی هەرێمی دیاریکردوە،مەرجەکان لە ساڵێکەوە بۆ ساڵێکی تر لە بودجەیەکەوە بۆ بودجەیەکی تر گۆڕانکاری بەسەردادێت،بەڵام ئەو دوو بابەتەی کە تا ئێستا گۆڕانکاری بەسەردا نەهاتوە پێداگری بەغدایە لەسەر مەرجەکان و پابەندنەبوونی هەرێم بەو مەرجانە،دوایی دامەزراندنی حکومەتی عێراقی فیدراڵ و یەکەم بودجەی لەسالی 2005 پشکی هەرێم بە ڕێژەی 17% دیاریکرا[29] بەڵام پێش ئەوەی ئەو ڕێژەیە بۆ هەرێمی کوردستان دیاریبکرێت لە مانگی تشرینی یەکەمی 2004 لەعێراق وا بڵاوکرابۆوە کە پشکی هەرێم لە بودجەی خەملێنراوی عێراق بۆ سالی 2005 بە ڕێژەی 8% بۆ 10%دیاریکرا،ئەم بابەتەش کاردانەوەی توندی هەرێمی لێکەوتەوە سەرکردایەتی سیاسی کورد نارەزایەتی خۆیان دەربڕی بە نامەیەك داوایانکرد پشکی کورد بکرێتە 25% لە بودجەی عێراق،بەڵام دواتر پشکی17%لە بودجەی عێراق بۆ هەرێم جێگیرکرا ئەمەش تارادەیەك لەگەڵ سەنگی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان دەگونجا[30].

لە یاسای بودجەی عێراق لە سالانی 2006 و 2007 پشکی هەرێم بە ڕیژەی 17% دیاریکرا بەهەمان رێژەی پێشوو ،بەڵام لە بودجەی سالی 2007 جیاوازیەك بەدیکرا جیاواز لە بودجەکانی تر ئەویش ئیمتیازێکی تازە یۆ هەرێم دیاریکرا کە ئاماژە دەکات بە دابینکردنی خەرجی و پێداویستیەکانی پێشمەرگە وەك بەشێك لە سوپای عێراق بە گفتوگۆی نێوان سەرۆکی حکومەتی عێراق و سەرۆکی هەرێم.بەشەبودجەی هەرێم لە یاسای بودجەی عێراق لە سالانی 2008 و 2009 تا 2014 بە ڕێژەی 17% دیاریکرا [31]،بەڵام لە سالی 2014 بە بریارێکی سەرۆك وەزیرانی ئەو کاتی عێراق(نوری مالکی)بەشە بودجەی هەرێمی کوردستانی راگرت بەبیانووی پابەندنەبوونی هەرێمی کودستان بە هەناردەکردنی نەوت لە رێگای کۆمپانیای سۆمۆ و رادەستنەکردنی داهاتی خاڵە سنوریەکانی هەرێم بە بەغدا[32]،کە ئەمەش بووە هۆی دروستبوونی قەیران لە هەرێم و هەرێم چۆن

---

29 ئومێد مەحمود،هۆکارەکانی ناکۆکی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا لەچوارچێوەی یاساکانی بودجەی عێراق لە 2005 بۆ 2019،شوێن و دەزگای چاپ بەردەست نییە،چاپی بردەست نییە،ساڵی2019،لا4.
30 خەلیل عەبدوڵلە،عێراق لە دیکتاتۆریەوە بۆ دیموکراسی، شوێن و دەزگای چاپ بەردەست نییە، ساڵی چاپی بەردەست نییە،لا58.
31 ئومێد مەحمود،سەرچاوەی پێشوو،لا6 تا 22.

32 بارزان جەوهەر سادق،سەرچاوەی پێشوو،لا56.

**Commented [ar59]:** خاڵ دابنێ.

**Commented [ar60]:** ئەمە پێشنیازی خۆتە؟

**Commented [ar61]:** خاڵ دابنێ

**Commented [ar62]:** خاڵ دابنێ

**Commented [ar63]:** خاڵ دانێ وەرە وەری دێر لە پەرەگرافێک نوێی، .

**Commented [ar64]:** ئەمە پێویست بوو لە خاڵی پێشوو تایبەت بە پرسی پێشمەرگە باسبکرێت.

**Commented [ar65]:** فرۆشتنی لە رێگای ...

**Commented [ar66]:** بۆ دەسەڵاتی ناوەندی لە بەغدا.

بتوانێت بودجەی فەرمانبەرانی دابینبکات وە سەرەڕای دابەزینی نرخی نەوت و بوونی ژمارەیەکی زۆر لە ئاوارە لە هەرێم و لە هەمانکاتیشدا هەرێم لە جەنگدابوو دژی رێکخراوی تیرۆرستی داعش، وە فرۆشتنی نەوت لەلایەن هەرێمەوە بەبێ گەڕانەوە بۆ بەغدا هۆکارێکی تربوو بۆ برینی بودجەی هەرێم،وە (نوری مالکی) سەرۆك وەزیرانی پێشووی عێراق ئەوەی راگەیاند{ناکرێت هەرێمی کوردستان بێ گەرانەوە بۆ بەغدا نەوتی هەرێمی کوردستان هەناردەی تورکیا بکات و بیفرۆشێت لەلایەکی تریش داوای بەشە بودجە لە عێراق بکات}[33]. بەم بڕیارەی حکومەتی عێراق هەرێمی رووبەرووی قەیرانێکی دژوار کرد کە نەتوانێت مووچەی فەرمانبەرانی لەکاتی خۆیدا دابینبکات و ئاستی وەبەرهێنان دابەزی و بوە هۆی بەرزبوونەوەی رێژەی بێکاری و کۆمەڵێ قەیرانی تری بەدوای خۆیدا هێنا،بەشێکی ئەم قەیرانەش بۆ خودی هەرێم دەگەرێتەوە بە هۆی بوونی ژمارەیەکی ئێجگار زۆر لە فەرمانبەر و پشت بەستنی هەرێم تەنها بە سەرچاوەی نەوت بۆیە ئابووری هەرێم بە ئابووریەکی یەکلایەنە وەسف دەکرێت کە بەشێوەیەکی سەرەکی تەنها پشتی بەستوە بە داهاتی نەوت[34]،

تاوەکو ئێستاش کێشەی بودجە لەنێوان هەرێم و بەغدا بوونی هەیە،دوایی پەسەندکردنی پرۆژە یاسای بودجەی عێراق ساڵی 2021 لە 2020-12-21 لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق[35] دواتر دەنێردرێت بۆ ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بۆ پەسەندکردنی ئەمەش پێویستی بە زیاتر لە 30ی رۆژ هەیە کە بەرێکەوتنی لایەنەساسیەکان دەبێت،بودجەی عێراق بۆ سالی 2021 لە پرۆژە یاساکە 164 ترلیۆن دۆلارە،ئەنجومەنی وەزیران پشکی هەرێمی بە رێژەی 12.67% دیاریکردوە[36]،حکومەتی هەرێمیش بەمەبەستی جێگیرکردنی بەشە بودجەکە شاندێکی رەوانەی بەغدا کردوە بەمەبەستی دانوستان و ڕێکەوتن ئەم شاندە چەندین جار سەردانی بەغدای کردوە تاوەکو ئێستاش نەگەیشتۆتە هیچ جۆرە رێکەوتنێك بەهۆی داواکاریەکانی بەغدا وەك رادەستکردنی هەموو مەلەفی نەوت کە ئەمەش لەلایەن هەرێمەوە قبوڵنەکراوە،وە ئەگەری ئەوە هەیە لەسەر دوو بژاردە رێکبکەون بژاردەی یەکەم گواستنەوەو فرۆشتنی نەوتی هەرێمی کوردستان بە سەرپەرشتی وەزارەتی نەوتی عێراق، بژاردەی دووەم تەنیا لە بەندەری جەیهان حکومەتی عێراق نەوتەکە وەربگرێت و بەشی هەرێمی کوردستانی لێبدات وە ئەو بڕە نەوتەی کە هەرێم رادەستی حکومەتی عێراقی دەکات ئەگەری هەیە 250 هەزار بەرمیل بێت ڕۆژانە،گەر بژاردەی رادەستکردنی نەوت لە بەندەری جەیهان جێگیربێت و رێکبکەون لەسەری ئەوا هەرێم بڕی5 ترلیۆن دیناری رادەستی عێراق دەکات و لە بەرامبەردا 13 ترلیۆن دیناری رادەستدەکرێت،بەڵام تاوەکو ئێستا (2021) هیچ

---

33 بەرواری بڵاوکردنەوە 2016-11-17،بەرواری سەردان 2021-2-13،کات2:35
https://www.rudaw.net/arabic/middleeast/iraq/171120168

34 ئەمین فەرەج شەریف،حکومرانێتی باش لە هەرێمی کوردستان توێژینەوەیەك لە پایەو ئاستەنگەکانی(1992-2013)،چاپخانەی هێڤی-هەولێر،چاپی یەکەم،ساڵی 2019،لا276.

35 بەرواری بڵاوکردنەوە2020-12-21،بەرواری سەردان 2021-2-12،کات10:59،
https://kurdistantv.net/index.php/ku/2020/12/21/iraq/

36 بەرواری بلاوکردنەوە2020-2-29،بەرواری سەردان 2021-2-12،کات 10:50
https://www.kurdistan24.net/

37 بەرواری بڵاوکردنەوە2021-2-6،بەرواری سەردان،2021-6-12،کات 10:30،
https://www.rudaw.net/sorani/kurdistan/0602202120

**Commented [ar67]:** خاڵ دابنێ

**Commented [ar68]:** خاڵ دابنێ

**Commented [ar69]:** تێدەپەڕێندرێت

**Commented [ar70]:** دانوستاندن

**Commented [ar71]:** و داهاتی خاڵە سنوورییەکان

**Commented [ar72]:** ئا لێرە ئاماژەت بە سەرچاوە بکە چونکە داتا و سەرچاوەت خستووتەڕوو.

**Commented [ar73]:** بنووسە تاوەکو ئەمڕۆ ساڵەکە بسڕەوە.

جۆرە ڕێکەوتنێك بەفەرمی لەنێوانیان نەکراوە[37]. نەگەیشتن بە ڕێکەوتن و نەتوانینی هەرێم بەو مەرجانەی کەوا بەغدا دایدەنێت تێبینی ئەوە دەکرێت کە بەغدا زیاتر کێشەکەی بە سیاسی کردوە واتا ئەو کێشەیەی کە لە نێوان بەغدا و هەرێم هەیە کێشەی یاسایی و دەستووری نییە،مەبەستی بچووکردنەوەی قەوارەی هەرێمی کوردستانە،بۆیە پێویست هەردولا کێشەکانیان بە گفتوگۆ و دانوستان چارەسەر بکەن و هەردوولا پابەندبن بەرێکەوتنانەی کە لە نێوانیان دەبەسترێت.

Commented [ar74]: ... هەر بۆیە بۆمان ڕووندەبێتەوە کە

## تەوەری پێنجەم : تەفسیری جیاوازی دەقەکانی دەستوور

ئەمەش یەکێکە لەو کێشانەی کە تاوەکو ئێستا بونی هەیە لە نێوان حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێم بەهۆی ئەوەی هەریەکە بەپێی بۆچوون و بەرژەوەندی خۆی تەفسیر بۆ دەقەکانی دەستوور دەکات سەرەنجام دەبێتە هۆی درووستبونی کێشە لە نێوانیان[38].

Commented [ar75]: ... تەفسیری جیاواز

پێم باشە لە کۆتاییا پوختەیەک لەسەر ئەم باسە بنووسی وەکو ئەنجامی کۆتایی کە ئەم پرس و کێشانە بەردەوامی داوە بو ڕێکنەکەوتنی هەردوولا و بڕیاڕی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە سازانی ریفراندۆم لە کۆبوونەوەی لایەنە سیاسیەکان لە ٧ ی حوزەیرانی ٢٠١٧.

تێبینی سەرپەرشتیار:

1. دەست خۆشێت لێدەکەم کاریکی زۆرباشت کردووە لەسەر توێژینەوەکەت و روونە کە تێگەیشتووی لە بابەتی توێژینەوەکەت کە هەڵبژاردووە لێکۆڵینەوەی لەسەر بکەی.
2. خۆشحاڵم کە لە کۆتایی هەر تەوەرێک بۆچوون و پێشنیازی خۆت خستوتەڕوو.
3. لینکی بابەتەکانی ئینتەرنێت دروست دانەناوە و ناکرێتەوە. دەبێت بە دروستی داینێ کە رەنگی شین دەبێت ( بە یەک کلیک دەکرێتەوە).
4. پەراوێزی ژمارە ٣٨ دەستکاری دەوێ بە زیادکردنی زانیاری زیاتر بەم شێوەیە:

وانەکانی بابەتی لێکۆڵینەوەی کوردستانی م. سەروەر حەمە ئەمین، قوناغی یەکەمی کۆلێژی زانستە سیاسیەکان ساڵی ٢٠١٧-٢٠١٨، ل: ٤١.

---

38 سەروەر حەمە ئەحمەد،وانەکانی ڕۆژانەی کۆردۆلۆجی،لا41.